

# قۆچ

بورهان ئەحمەد

ئەوەی دەستی لێدەدرێ
ئەوەی دەکێشرێ
ئەوەی دەبینرێ
روناکیش دەخرێتە قەپانەوە
بۆی هەیە سەنگەر بگرێت، بیشکێنێ، بیگۆڕێ
لەتوانایدایە کەش‌و هەوای دیلێتی
بەسەرفرازبوونی گوڵ ئاشتبکاتەوە
هێزی راپەڕین
ببەخشێتە ووزەیەکی سڕو چەسپاو
خەسڵەتی راپەڕیو
بکاتە بەر سیحرێکی شاراوە
گرێ کوێرەی باڵەکان بکاتەوە
نووشتەی بەستانی فڕین بدڕێنی
بۆچوون‌و گلەیی‌و قایلبوون
هاوسەنگ رابگرێ
تەرازوو بەلای تاریکیدا لاسەنگە
کەواتە چەند کیلۆی ترت رووناکی پێویستە
بۆ بڕینی ئەم رێگای مردنە
بۆ گەیشتن بەباخچە
بۆ ناسینی ژیان
بۆ کێشانی ئینساف
تەرازوو بەلای لێڵیدا شۆڕە

کەواتە چەند هکتار چوار گۆشە
مەودای جوگرافیای دڵنیاییت دەوێ
بۆ گەیشتن بەهێوربوونەوەی خوێن
بۆ دەستلێدانی ویقاری شکۆفە
بۆ تاقیکردنەوەی نووسین لەهەستکردنی فەرامۆشیدا
بەژنی تەرازوو خەڵتانی بێباکییە
دەستی لەبێنرخکردنی بەهای تیشکدا نییە
لەمامەڵەکردنی لەگەڵ هەتاودا
بۆ پیشاندانی بێلایەنی خۆی
لەهەناویەوە فرمێسك دەڕژێ
بۆ راگەیاندنی بێتەرەفی خۆی
لەچاوانیەوە زوخاو سەردەکا
لەبەر خولیای تاقیکردنەوە
شتەکان لەقەبارەیەکی ناجێگردا
جێگاو ڕێگای جێگیریان بەرکەوت
بۆشایی لەسیمای گۆڕاندا
بارستایی نەگۆڕانو ناجوڵەی
خستە مەنجەڵی نەریتەوە
گەیاندییە گەرماوی پاکنەبوونەوە
نرخیان لەبەرزبوونەوەو داچوونە
گونجاوەکان دەبن بەنەگونجاو
ناتەباکەن دەبن بەتەبا
خرۆشان لەتەختە رەشی بێدەنگی دەنووسرێ
دژەکان لەناو یەکتردا
تێکەڵاو دەبن
مانایەکی ترمان لەتام دەداتێ
پێچەوانە دەچێتە کلاسی ناپێچەوانەوە
یاخیبوون لەسەر کورسی متبوون
بۆچوونەکانی خۆیمان بۆ تەفسیر دەکا
نەگونجاوەکان کلاوی گونجان دەکەنە سەریان
لەبەر تینی سەرماو سۆڵە
لەبەر دەستکورتی هەتاو
هاوین چەتر هەڵدەگرێ
جزمەیەك تا سەر ئەژنۆ لەپێ دەکات

لەبەر پەلاماری باو بۆران
لەبەر دەوڵەمەندی لافاو
وەك بەشێك لەجوانناسی
لەبەر خاتری ستاتیکا
لەشاردا فەرەنجی دەپۆشین
دەستاڕوو جەنجەڕوو هەوجاڕی
بۆ دەگوازینەوە
رووناکی گەڵا دادگایی دەکا
ئاو زەردەخەنەی لەبیر دەچێتەوە
واز لەسەردانی
هاوینە هەواری فێنکی ئارام دەهێنێ
(دەفر رەنگی شلەکەی ناو خۆی وەردەگرێ)
ئەمە حیکمەتی فیزیایە
ئاگری کۆن
بەفووی تازە هەڵبووە
مرۆڤ لەنیشتنەوەدا
گوناهـ..و خەتای زیاتری دەنەخشێنێ
لەڕاستکردنەوەیدا
باڵندە بەهەوای فڕین دەیسڕێتەوە
مرۆڤ داهێنەری چەقۆیە
کەچی گیانلەبەر باجەکەی دەداتەوە
بۆڕەی گا دەبێتە فۆڕمی سروودێکی نوێ
لوورەی گورگ
لەقوڕگی مەڕدا
بەهاوار مووتربە دەبێت
باعە باعی بەرخۆلان
بریسكو باسکی چەقۆی بەر هەتاوی نووستوو
گۆڕاوەتە جوانترین سەمفۆنیای
نەغمەی خەیاڵی دووای نیوە شەوی
چەقۆ بەدەستان
خەزینەی دەنگی بولبول
بەڕێبەرایەتی پشیلەو رێوی
دەگوازرێنەوە بۆ شوێنێکی نادیار
کەڵەشێر ئەزموونی کونەپەپوو

**دووبارە دەکاتەوە**
**قەڵەڕەش وازهێنانی خۆی ڕاگەیاند**
**بەزەیی بیابان دەگەیەنێتە ئاوەدانی**
**هەور شوێن پێی باران هەڵناگرێت**
**باران پروشەکانی خۆی ناناسێتەوە**
**ساڵانە بەگوێرەی گوناهەکانی ئینسان**
**بەپێی سەرژمێری پرۆسەی ڕاوکردن**
**ئێسکو پروسکی ئاژەڵان**
**دەکرێنە پەیین**
**خوێنی میوەجات دەخرێتە سەر سفرە**
**بەهشتی پێ دەڕازێتەوە.**

